# هەژان

ئیسماعیل تەنیا

# هەژان

ئیسماعیل تەنیا

هەولێر ٢٠١١

# هەژان

بابەت : شیعری بەرگری
نووسەر : ئیسماعیل تەنیا
تیراژ : ٥٠٠ دانە
نەخشەسازی : هیوا
چاپ : چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)
چاپی یەکەم : ١٩٩٢ - هەولێر
چاپی دووەم : ٢٠١١ – هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٩٦٨)ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

# ڕوونکردنەوەیەك

ئــەم کۆمەڵــە شــیعره لــە نێــوان ســالانی (١٩٨٢-١٩٨٧)دا نووسـراون. هـەموویان زادەی قۆنـاغێکی ژیـانی سیاسـیی مـنن، مەرج نییە ئێستاکە لەسەر هەمان بیرو باوەڕو بۆچوون مابم. هـەر لە پێناوی دەرخستنی ئەم بۆچوونەش ، پێشەکی چاپی یەکەمم دووبـارە بـڵاو کردۆتـەوە. لـە سـاڵی (١٩٨٤)ەوە ئامـادەی چـاپ کراون. چاپی یەکەمی لە ساڵی (١٩٩٢)، بە تیراژی سەد دانە بە نـاوی خـوازراوی بـاوکی دەوەن (ب. دەوەن)، بـڵاو کراوەتـەوە. بەشـێکیان لـە بڵاوکـراوە نهێنییـەکانی (حزبـی سۆسیالیـستی کوردسـتان) و (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردسـتان)ی سـەردەمی شاخ، بڵاو کراونەتەوە.

هەر لێرەدا سوپاسی براو هـاوڕێی دێرینم کاکـە (هیـوا عـەباس) و خـوارزای خۆشەویـستم کاکـە (وارڤـان مۆفـەق خـدر) دەکـەم، کـە ڕۆڵیان هەبوو لە دووبارە چاپکردنەوەی (هەژان) دا.

**ئیسماعیل تەنیا**

هەولێر– ٢٠١١/٩/١٠

# پێشەکی

**خوێنەرانی خۆشەویست ...**

**ئــەم كۆمەڵــە شــیعرەی كــە لــەدوو تــوێی ئــەم نامیلكەیــە دەیخوێنیتــەوە بریتییــە لــە ئــەدەبی بــەرگری و بەرەنگاربوونــەوە، هەرچــەندە پــێش ئێــستا ئاشــنایەتیتان لەگــەڵ ئــەم شــیعرانەدا نــەبووە، ئــەویش لەبــەر ئــەوەی ئــەدەب لــەژێر ســایەی رژێمــی فاشستی بەغدا دا تووشی سەدان تـەنگ و چەڵەمەو بگرەو بەردە بــووەو ماوەشــیان نــەداوە ووشــەی پــاك و رەســەنی كــوردی لــە گــەرووی پێنووســە رەســەنەكان دەنــگ هــەڵبڕن و خۆیــان بگەیەننــە جــەماوەر، ســەرەڕای مــاوە نەدانیشیان، هــەوڵیش دەدەن ووشــەی رەسەن لەگەرووی ئەدیبە شۆڕشگێڕەكان بخنكێنن..**

**بارودۆخی ئێستای میللەتەكەمان زەمینەیەكی وای رەخساندووە كــە ئــەدیبی ســەر بــە گــەل و دژ بــە گــەل بــە ئاشــكرا دەربكــەوێ كــە ئــەویش لــە میانــەی ئــەو جموجۆڵــە ئەدەبیــەی كــە پێــی رادەبــن، هەروەها پێویستیەكی بابەتیە كە ئەدەبێكی بـەرگری و شۆڕشگێڕ لە دایك بێت و شـان بـە شانی لوولـەی تفەنگی پێشمەرگەكان لـە خەبات دا بێت دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەكی نەتەوایـەتی و چینایەتی و كۆمەڵایەتی.**

گومانیش لەوەدا ناکرێت کە ئەدەب چەکێکی کاریگەرەو هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ خەباتی چەکداری و سیاسیدا.
کاتێک پێشمەرگەکان لە خەباتی چەکداریاندا داستانێکی سەرکەتوو بەسەر رژێم تۆمار دەکەن هەر لەو کاتەدا شیعرێك یاخود چیرۆکێکی رەسەن لە سەنگەری بەرگریدا لە دایك دەبێت و نوقلانە بەسەر جەماوەر دابەش دەکات و هەر کاتێکیش پێشمەرگەیەك شەهید دەبێت شیعر، یان چیرۆك پرسەی شەهید دەگرن و زێتر پێ دادەگرن لەسەر خەبات و بەڵێنی تۆڵە نوێ دەکەنەوەو چەیکە گوڵێکی سووریش لەسەر گۆڕی ئەم سەربازە وونە دادەنێن و بە شانازییەوە ناوی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمار دەکەن.

خوێنەرانی خۆشەویست ..
لەکۆتاییدا دەڵێم کاتێك کە تەواوی شیعرەکانتان بە ووردبینی خوێندەوە حوکمی رەوای خۆتان بەسەر بدەن، چونکە ئێوە سەنگی مەحەکن و چاوەڕوانی هەموو رەخنەیەکی بەجێ و رێنماییەکی پیرۆزتانم...

**ب. دەوەن**

١٩٨٤/١١/١٠




**بەرگی یەکەمی چاپی یەکەم**

# خۆری ئەم هەژارەشمان ئاوا بوو

**پێشکەشە بەشەهید هەژار دێدەوانی**

ئێوارەیەو
میلی کاژێر لەتەکانە
کات مانگی هەڵچونی خوێنە
مێشک و بیری
چەوساوانی شارولادێ
شارەزەردەواڵەی قینە
لەخرۆش و وروژانە .
ئێوارەیەو
لەهیکەوە هەواڵێکی کۆستی ناوە خت

لەپەیامی یاخیەکان
پەخش کرا
هەڵۆیەکی هەڵمەت بەری
کێوی سەرسەختی
(دێدەوان)

شەهیدکرا.
هەڤاڵەکەم
کاتێ مۆری گوللەی ڕەوات
دەدا لەبەرۆکی دوژمن
کاتی شاڵاوی پیرۆزت
دەکردەسەرفاشیستەکان
بە نیازی مۆڵگەگرتن
هەر لەوکاتە
وشەی پیرۆز
دادەڕژانە ناو دەرونی
پێنووسی داستان و تۆڵە
شاکارێکی کۆڵ نەدانت دەهۆنیەوە
بۆ ئەو پێشمەرگە شەهیدەی
تاگیانیدا لەسەنگەرا
سوێندی دەخوارد
بە ڕەوەزو لووتکەو نواڵ
بەمشتێک لەم خاک و خۆڵە
هەرپێشمەرگەو چەک لەشان بێ
بۆڕزگاری زەحمەتکێشانی کوردستان

بیری بەرزی سۆسیالیستی
سەرمەشقی هەموو کردارو تێکۆشان بێ.
********
هەڤاڵەکەم لەکاتێکدا بەجێت هێشتین
داڵە چنگ بەخوێنەکانی
کۆشکی پاشا
مەرگی بەسەرشارو لادێ
دابەش دەکرد.
گەرمەشینی بۆ سازدەداین
سەرجەم واری لەهەش دەگرت .
کەجێت هێشتین
دەشتزانی لەکوردستان
خوێن بارانە
گڕبارانە
ئەوەی تەنها ناوی نەبێ
بەئاسوودەیی ژیانە .
دەشتزانی
رۆژی دەیان ( جێرنیکای ) کورد

تەخت دەکریٚ

ناخی زیندووش قۆڵ بەست دەکریٚ

مافی مرۆڤ کەڕ و لاڵە

ئەوەی تەنها لەکوردستان باسی نەکریٚ

لەداردانی بەکۆمەڵی کوڕوکاڵە.

هەڤاڵەکەم

ویٚردی هەمووسات و دەمت

هەر ئەوەبوو:-

( زەحمەتکیٚشان پەیمان دەدەم هەتا مردن

پیٚشمەرگە بم لە سەنگەری تۆڵە سەندن) (١)

******

( هەژارەکەم )

لەبارەگای سەربەرزیدا

( سەلاح )ەکان پیٚشوازیت لیٚدەکەن و

پیٚشت دەڵیٚن

سۆسیالیستی ئیٚستاش گڕە ؟

پیٚیان بڵیٚ

بەڵیٚ ئیٚستاش هەردەسووتیٚ و لەسووتانە

لاوەکانی هاوڕێبازت

لەداوەتی مەرگ بەخشینی سەربەرزی

تێک چڕژانە .

ئەی هەڤاڵی خۆشەویستی

سۆسیالیستم

دڵنیابە مردن دەمرێ و تۆ نامری

تۆ هەر ( هەژار) ی پێشمەرگەی

ژوان لەگەڵ هەتاو دەگری و

دەست لە پەلاپیتکەی تفەنگ

لەسەنگەری.

هاوبیرەکەم

لەدواجارا

پەیمان بەم خوێن و بەم خۆڵە

قوتابیت بم

لەسەنگەری مەرگ و تۆڵە .

(١) کۆپلە شیعرێکی شاعیری پێشمەرگەو شەهید (هەژار دێدەوانی)یە.

* لەگۆڤاری (پێشکەوتن) لەژمارە (٤) ی تشرینی یەکـەمی (١٩٨٧) - لاپـەڕە (١٩ )بەناوی (ڕێکان ) بلاّوکراوەتەوە.

# شەش وانە بۆ جوتیارەکان....

(١)

ئەی جوتیارە چەوساوەکان
دڕکەزەردەو زیوانەکان
کاتی هاتووە
لەناو دڵی دەغڵ و دانمان
بژاربکەین .
تا لەهاوینی بەرهەممان
بارەگەنمی پاک کراوی
ڕەسەنیمان
لەلادێوە بۆشار ببەین.

(٢)

جووتیارەکان......
ئاغاوشێخ و بەگەکانمان
ویستیان هەوجاڕی خەباتمان

بووەستێنن.

منداڵەکان

لەناوبێشکەی گوندەکەمان

بگرییێنن .

دیسان ویستیان

کات بگێڕنەوە بەرەودواو

گورزی خۆیان

بوەشێنن .

بەڵام هەیهوو

خەیاڵ خاوە

کەی بیستراوە مێژوو

وەرچەرخێ بۆ دواوە .

(٣)

جوتیارەکان .....

لەسەردەمی باپیرانمان

جووتمان تەنها بەیەك گابوو.

جەنجەڕی کۆنەپەرستی

ئاغاكانمان

لەسەرخەرمانی باوەڕمان

لەكارابوو.

بەڵام دوایی

لەئەنجامی تەقینەوەی

نارەزایی

جوتیارەكان

هەموویەك دەستە ڕاوەستان

دژی كۆیلەتی و ژێردەستی

وەك لافاوی بەهار هەستان .

(٤)

جوتیارەكان .........

داربەڕوویەك لەبناری

سەری بەرزی چەماندەوەو

هۆن هۆن فرمێسك لەچاوی

هاتەخواری.

ووتی خۆزگە ببومایە

هەوجاڕی کوڕە جووتیاریٚ

نەوەک زۆردار هەڵمبڕیٚ

بۆ چەوساندنەوەی هەژاریٚ .

(٥)

جووتیارەکان ..........

بتەقنەوە

بەڕووی زۆردار و فاشیزم

هێرش بەرنە سەر تیۆری

چەوسێنەران

بنیات بنێن سۆسیالیزم .

(٦)

جووتیارەکان ........

دەوەرنەوە

کێڵگەکانتان

دێهات و چیا سەرکەشەکان

جۆگەو ڕووبار

قژی زەردی خۆری بەیان

دڵدارانی ئاوارەو وێڵ
هەوارگەو ڕەشماڵانی خێڵ
هەموو پێکڕا داوا دەکەن
کەبێنەوەو چاوەڕوانن
چاوەڕوانی داس و بێڵی
تێکۆشانن

* لەڕۆژی ١/ ٨/ ١٩٨٤ لەئێزگەی دەنگی کوردستانی عێڕاق – بەرنامەی (ئـەدەب و شۆڕش) بەناوی فەرهەنگ خوێندراوەتەوە.

# جۆگەلە

( بۆشەهید قاسم سەلیم )

لەدامێن کێوی قەرەچوغ

قارەمانێک شەهیدکرا

بستێ لەخاکی پێبرا.

خوێنی پاکی جۆگەلەی بەست

خاک و خوێن هەردووک تێکەڵ بوون

بۆیەک مەبەست .

هەڤاڵینە ...

جۆگەلەکان

هەمووتێکەڵ بوون نووسیان

سەربەخۆیی و سۆسیالیزم

بۆ کوردستان .

١٩٨٢/١٢/١٣

گوندی (کێشکێ)

# رازی ناخێک

هۆئەوقژەی شۆڕبوویتەوە

ناخی باڵای ئەودلبەرە

لەشەوێکی وەک ئەوشەوەی برایمی مەلازێندینان

لەبەردەرگای ماڵی میرشێخا وەستابوو

وەک ئەوشەوەی کوڕە شوانە لەجێی ژوانا

خورپەی دڵی لەلێدان بوو

بۆهاتنی دەستگیرانی بەتەمابوو

بەڵێ ئالەم کاتەسەختە

لەم ناوەختە

قاچاخچیەکان

دەمی کوڵی بڕەڕەکانیان

لەکۆسەرەو هەسان دەدا

تاکو تاڵ تاڵ

قژی خاوی ئاورێشماوی

باڵای دولبەریمان بڕی

لەپاش ماندووبونێکی زۆر

ئارەقەی هەنیەیان سڕی .
قژیان بڕی و سوتاندیان
هەربۆئەوەی
لەشەوێکی ڕێبەندانا
لەشەختەبەندی دەربەندو
بەفروکرێوە و زریانا
جەستەی زلی تەمبەڵیان
گەرم بکاتەوە
لەباوەشی سۆزانیەکان
چاوی گەردو تۆز لێ نیشتووی
خەواڵویان
خەوی درێژبیباتەوە .
دەستگیرانی هەڵەکۆك و
بەفری کەژم
لێنەگەڕان لەباوەشت ئۆقرەگرم و
کارەساتی ئەم عەشقەپاکە نەمرەم
بنووسمەوە
تاڵ تاڵ قژت شانەبکەم

کەزیەکانت چەپك چەپك بهۆنمەوە
لیٚ نەگەڕان قژی خاوت
لەهاوینا بکەم بەکەپرۆکەی شڕی
سەرپەریٚزی سەپانەکان
تاپاش تەواوبوونی گازو
سوونی داسەکولەکانیان
لەژیٚریدا بحەسیٚنەوە
لیٚ نەگەڕان
بیکەم بەوڕەشماڵە گەورەی
ئارامگای ماڵە ڕەوەندی
کیٚوی سەرسەختی قەندیلی
کڕیٚوەو بەفرو زریانە
یاخود بیکەم بە هیٚلانە
بۆ ئەوهەڵۆیە سوورانەی
لەسەرچڵی چلورەبەستووی
درەختەکان
هەڵکورمانە ........

١٩٨٤/١٢/٦
هەولیٚر

# ڕووبار

کاتێک ڕووبار گەورە دەبێ و
ژان دەیگرێ
لەکەناری خۆی دەتۆرێ .
ئالەوکاتەناسکەدا
هەزار بێچووەماسی تینوو
لەحەژمەتاندا دەمرێ .

٢٥/١١/١٩٨٣
گوندی (گۆسکە)

# هەژان

هەرچەند داڵە چڵکنەکان
لەسەرلاکا
دەنووکی تیژی بەخوێنیان
لەناودەروونی کێڵگەدا
بخشێنن.
لەئاسمانی سەربانەکان
کەپرۆکە کەن
بەری تاڵە زوڵفی خۆرمان
لێ بگرن و
بەهەنجەتی خۆرگیرانیش
ئاواییەکە بترسێنن .
بەڵام ...... بەڵام
من ئەوگوندەی وەکو بێشکە
لەناو دەرونیدا هەژام
چۆن چۆڵ دەکەم

بۆداڵی بێخێرو بەدفەڕ

بۆ هێنەری بروسکەی شەڕ.

سوێندەو سوێندەو هەزار سوێندە

بەدەنکە گەنمی دەروونی

ناو وەردو شۆ

بەومنداڵەی کەوا سبەی

دەزروکێتن بەدەم ئاسۆ .

ئەی گوندەکەم

من ئەوکەسەم

جێت ناهێڵم هەتاکو هەم

هەتاکو هەم ...........

٢٥/ ١/ ١٩٨٥

# زیندان

لەزیندانی فاشیستەکان

بەخەتێکی سوری گەورە

لەسەردیواردا نووسرابوو

ئالێرەدا

زیندانیەك

لەژێر ئازاری (كێبڵ ) دا

گیانی دەرچوو.

# پێشمەرگە

(بۆ سروود نووسراوە)

تۆپێشڕەوی

قەت ناسرەوی پێشمەرگە

بیرو بڕوات لەدژ فاشیست

لەجەنگە

تۆهەڵگری بیرو بڕوای

سەنگەری

لەپێشبڕکیی پارتیزانی

شەڕکەری

شەهیدبوونت بڕوانامەی

خەباتە

کۆڵنەدانت سەرکەوتنی

وڵاتە

لەلوولەی تفەنگی تۆوە

خۆردێتەدەر

بەخوێنی تۆ هیوا دەڕوێ و

دێتەبەر

کەشەهید بووی نامەی بەرزت

بڕوایە

بەڵام زیندووی

هەتا دنیا دنیایە.

١٩٨٢/٩/١٩

# گوللە

ئەی منداڵە ئاوارەکەی
خاکی بەیروت
ئێمەش هەموو لەکوردستان
بەڕەش و ڕووت
هەرجارێکی کەتۆ دەگری
بۆ تیکێ نان
ڕقی ئێمە
دەبێتە دەستڕێژە گوللەو
دەپێکێتن داگیرکەران .

# كاروان

ئەی
ولاتی مليۆن شەهيد
کاروانەکەمان لەڕێوە
هێندەی نەما بگات بەکاروانی ئێوە
*******
ئێمەش وەک ئێوە لەم ژینە
لەسەر ئەسپی تۆڵەسەندن نەپەڕینە
ئەسپی تۆڵە هێرش دێنێ و دەحیلێنێ
هەرگيز دوژمن نەی توانيووە
لەمەيدانی هێرش و جەنگ بيبەزێنێ .
*******
لەهەندرێنا ئا لەم کێوە
خوێنمان ڕژاوە بەپێوە
کەچی کاروان دێت و دەڕوات
هەزارانی وەک من و تۆش

دەبن بەژیلەمۆی خەبات .
دەنگێک دێت و هاواردەکات
ئێوە ئەی کوڕی ئەم چیایە
بەرەو پیری مەرگ دەچن و
چاوتان لەتیشکی خۆردایە
زینی ئەسپی خەبات تووند کەن
لەم کاروانە
وێنەی ئێوە لای هەرکەسێ
لەچاوانە .
********
ئەی ولاّتی ملیۆن شەهید
ئێوەی چاپوک چەوسانەوە
تا لەژێر باڵی ئازادی
حەسانەوە .
********
ئێمەش لەم چیایە سەربەرزە
دەبێ بگەین بەم ئاوا تەو
خەونە سەوزە .........

١٩٨٢/٣/١٠

# بۆ شەهیدە تاقانەکە

لـە ۱۸/۱۱/۱۹۸۲ هـەردوو پێـشمەرگەی حزبـی سۆسیالـستی کوردسـتان (کاکـەزیاد حەسـەن عـەزیز هـەینی) و (خەسـرۆ ئیسماعیل سالّح) لەنێوان هەولێر و دیبەگە لە نزیك گوندی منارە لە کەمینێکدا شەهید بوون. (ئەم شیعرە پێشکەشە بـە شـەهید کاکە زیاد).

کاکەزیاد
ئەی پێشەنگی کاروانەکەی
قەرەچوغ و
پێشمەرگەکانی پاک نیهاد.
لەدایک بوی و گەورەبووی
لەمندالأنی ئازارو
لەناوسەهۆلبەندانی خەم.
گۆش کرابووی
بەبیروبڕوای خەبات و
شیری دایکانی چەوساوەی

دوولایەنەی

چینایەتی و

جەوروستەم.

تۆش وەک هەزار زەحمەتکێشی

ناودڵی دایکەگەورەکەت

ئۆقرەت نەگرت و نەتتوانی

دیسان دوبارە ببینی

فلیمە تراجیدیاکانی

کارەساتی

پڕ خەباتی

شۆڕشی ئەیلولی بارزان.

بەڵێ نەتتوانی بیبینی

بێ ئەنجامی (ئاگری دا غ ) و

دکتۆر (فوئاد) ی نەبەزو

شۆڕشەکەی (شێخی پیران).

هەڤاڵ ویستت

بەتیشکی بیرو بڕوات و

چەکی شانت
ڕێ خۆشکەربی
بۆهێنانەدی زانستی
سۆسیالیستی و
دواهێنانی چینایەتی
لەناو کۆمەڵگای وڵاتت .
تۆش ڕژایە ناودەرروونی
زەحمەتکێشانی کوردستان .
وەک ئەستێرەگەشەکانی
ساماڵێکی پاش بارانی شەوی زستان.
هەڤاڵەکەم
تۆش ڕۆیشتی
بەشوێن کاروانی سەربەرزی
بەشوێن (سەعدی ) و
دکتۆر (خالید) ی قارەمان
بەشوێن (سوارە)ی[1] وون بوومان و
کاک (ئەنوەر) ی مەجید سولتان .

تۆش ڕۆیشتی
بەشوێن کاروانی سەربەرزی
هەنگاوت ناو
تادواهەناسەت نەبەزی.
هۆشەهیدە جوانەمەرگە تاقانەکەم
تۆش ڕۆیشتی
بەڵام بیروباوەرەکەت
سەرمایەی بیروباوەڕی
چەوساوەی هەموو وڵاتە .
تۆش ڕۆیشتی و
جەستەی بەگوللە بێژراوت
بەڵگەنامەی
خۆنەویستی
سۆسیالیستی
دەسەلمێنیٚ
کەشایستەی
هەڵگری ئالأی خەباتە
********

کاکە زیاد

تۆش چاو لێکنێ و

ئۆقرەبگرە

لەباوەشی دایکە هەرە دڵسۆزەکەت

وێنەکەشت

دەبێتە مەدالیای سینەی

هەڵگری بیروباوەڕەپیرۆزەکەت.

١٩٨٣/٧/٢٩

(١) سوارە : ناوی نهێنی پارێزەری شەهید (کاردۆ گەلاڵی)بوو.

# تاوان

لە(پشت ئاشان)
بەچاوەکانی خۆم دیتم
کارەساتی ئەم سەدەیە
منداڵێکی دوو سێ مانگە
لەدامێنی ئافرەتێکی سک هەڵدڕاو
لاشە بەگوللە دابێژراو
مەمکی ڕاستی لەزارنابوو.
مەمکی چەپەش
شوێن برینی گوللەیەک بوو
خوێن و زوخاو
دڵۆپ دڵۆپ دەکەوتە سەر
چاوی گریاو .

※ لەژمارە (٦-٧)ی گۆڤاری (ڕێبازی لاوان) لەساڵی ١٩٨٤بەناوی (ب-دەوەن) بلاوکراوەتەوە.

# گڤەی بەرد

من دەزانم بۆچی شارەکەت بەجێ هێشت
چونکە لەکاتی ناشتنی یارەکەت دا
تاکە کەسێک
یەک دڵۆپە فرمێسکیکی
بۆ هەڵ نەڕێشت.
کەجێشت هێشت
دارلاستیکێکت دەست دایێ و
لەگەڵ گڤەی یەکەم بەرد دا
باران بڕەت هێنایە خوار
تفت کرد لەچاوی مۆن و
پشتت کرد لەخامۆشی شار.

١٩٨٥/٤/٢

# مەرگ

پێشکەشە بە شەهید سەلاح محەمەد ئیسماعیل (مامۆستا سەلاح)

کاتێک دیتت فاشیستەکان
بەباوەڕی بۆگەناوی
هێرش دێنن .......
نیشتیمانت بوکۆکەیەو
سیخوڕەکان دەیگەوزێنن .
کاتیٚ دیتت
چڕنوکی بەخوێنی دوژمن
هەوری ڕەشی مەرگ و برین
بەسەرماندا دەبارێنن.
*******
کاتیٚ دیتت
مایکرۆفۆنی چەوساوەکان
بیٚ خاوەنەو
چاوەڕێنە یەکێک بێت و

دەنگی تورەیی تیا هەڵبڕێ .

پەردەکانی دێوەزمەی ترس

لەناوچەوساوان بدڕێ

لەوکاتەوە سەلاح هات و

چەکی شەرەفی کردەشان

سۆسیالیستی شیکردەوە

بۆ چەوساوەو زەحمەتکێشان

********

بە (ئاربیجی)

میکرۆبی شێرپەنجەی باوەڕی ڕزگاری

تۆ شەهید بووی

چونکە گیانە سۆسیالیست بووی

میکرۆبەکان لەشیان خواردی

بەدوقوڵی لەگەڵ دوژمن

کەوتنە شادی ......

هۆ سەلاح گیان

تۆشەرەفی سەنگەرێکت

پێ سپێردرابوو

کەگیانت دا

دوو دڵۆپ خوێن لەناوچاوتا

قەتیس مابوو .

********

نۆکەرەکان

دەیانزانی

دەشتی هەولێری خۆڕاگر

چەوساوانی ئاگرو گڕ

خۆشتیان دەوێ ......

دەیانزانی

بۆخزمەتی هەژارەکان

چاوی گەشت

ئێشکگرەو قەت ناخەوێ

بۆیە کەوتنە داو نانەوە

بۆتۆی پێشمەرگەی کۆڵنەدەر

وایانزانی تۆ شەهید کەن

ئیتر بەتاڵ دەبی سەنگەر.

*******

هەڤاڵەکەم

باش بزانە

هەتائێستاش سۆسیالیستی

مەشخەڵێکە لەکوردستان

هەردەسوتێ و لەگڕدایە

هەموو دەڵێین سەردەکەوین

چونکە هێزی چەوساوەی کورد

لەگەڵ فکرەی ئێمەدایە .....

******

ئێستاش ئەستێرەگەشەکان

کاتێ هەڵدێن

لەئاسمانی کوردەواری

ژمارەیان لەزیاد بوون دایە

خەونی سەوزی جووتیارەکان

لاشەیەکەو لەناو قوڕگی نەهەنگدایە

********

نۆکەرەکان

فاشیستەکان

باش بزانن

هەرسەنگەرێک (سەلاح) ێکەو

پارێزگاری شۆڕشمانە

هەر دڵۆپە خوێنێک ڕژا

کڵپەو تاوی هێرشمانە .....

ئەم شیعرە لە بلاّوکراوەی (ڕێبازی لاوان) لەژمارە (٢)ی سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٨٣، لاپەڕە (١٦)، بەناوی (فەرهەنگ) بلاّوکراوەتەوە .

# سەنگەر

کاتێک کوڕە زەحمەتکێشێک
شەهید دەکرێ
چۆلەکەکان ڕەوە ڕەوە
پرسە لەبۆ شەهید دەگرن .
لەناو ئازارو مەینەتدا
خوێن و خاک دەبنە ئەنجامی
تەقینەوەی بورکانی ئەو ژانە گەورە
لەوکاتەدا
زەحمەتکێشێک تفەنگی شەهید
دەست دەداتێ
بەبڕوای پۆلاینەوە
سەنگەر دەگرێ ......

# غەرەبەرد

لەم هەڵدێرە
پرسیم لەمنداڵەکوردێک
ئەم غەرەبەردە چیە لێرە ؟
منداڵەکە هاتە وەڵام
بەدلێکی ساردی بەزام
ئالێرەدا :
لەشوێنی ئەم غەرەبەردە
دڵدارێکی خۆری دزراو
بەگوللەی چەپەڵی دوژمن
شەهیدکرا
ساڵ سوڕاوەو بەهاریش هات
نەمامێکی بەرزوباریک
لەسەری ڕوا.

گوندی (کێشکێ)
١٩٨٣/٢/١٣

# شەهید

ئەی شەهیدە نەمرەکە
خۆشەویستی مرۆڤ و زەوی
خۆشەویستی چاوی قول و
چەوساوەی ڕێگای ئازادی.
زەحمەتکێشانی گشت جیهان
وەك هەموو پێویستیەکی ژیان
سەنگەر سەنگەر
سەدە سەدە لەدوات هاتن.
لەگەڵ کاروان
هەنگاو هەنگاو
زێتر تامەزرۆی خەباتن.
دۆزیانەوە
چی دۆزراوە ؟
نهێنی لاشەی پیرۆزت
ئیرادەی مردوبەزێنت

بوو بە دروشمی چەوساوان

بوبە چقلً و

چووە چاوی چەوسێنەرو

خەیاڵ خاوان

********

دۆزیانەوە

لەپاڵ ڕەوەزە شاخێکی

سەرکەش و بەرز

خاکێکی بەخوێن ئاودراو،

لەدامێنی تاشەبەردێک

تۆمارگەیەکی هیوای سەوز

دۆزرایەوە.

خەونی سەوزو هیوای سک پڕ

ئیسک و پروسکی دوژمنانیان

وەک مردویەکی سەرجێگا

پێچایەوە.

بۆیە شەهید بوو بە خۆرو

لەگەڵ گزنگی بەیانی

خۆدەردەخا لەکەلی چیا

بەهاوبەشی لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکان

ڕۆشن دەکا

هەموو دنیا.

# نارنجۆک

منداڵەکان

من دەزانم

خەندەی سەر لێوتان دزراوە.

گوردی تەونی

سەدان ساڵەی هیواکانتان

پسێندراوە.

بەڵام ڕۆژێ

تورەیی و بێزاری ئێوە

دەتەقێتن وەک نارنجۆک .

لەپێش دادگای منداڵیتان

جەلادەکان

کڕنووش دەبەن

دێنە سەرچۆک .

١٩٨٢/٨/٢٤

# گوناى دن

باڵندەیەکی بێ سەرم ...

هزرم لە جەستەم یاخییە

دەمێک لەسەر لق و پۆپی

سەروەکانی شەست مەترییە

دەمێکی تر

لە کافتریاکەی زانکۆیە ...

ئای کە ڕقم لە ژمارەیە

بۆ هاوکێشەی ٢ + ٢ دادەمێنم

بەڵام هەرگیز ئەو ڕۆژانە لەیاد ناکەم :-

(١٢/١٦) ، (٢/٥) ، (٧/٢٣) ، (٨/٢) ، (٨/٢٨)

نەفرەت ... نەفرەت

بەقەد ژمارەی

ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی

چاوی (ژۆڤان)

کە بە پەنهانی دەیڕێژێ

بۆ دایەو بابەی کلۆڵی.

نەفرەت ... نەفرەت

بەقەد ژمارەی ئەو کاژانەی

گەردەلوولی ٢/٥/١٩٩٤ هەڵی لووشین

نەفرەت لەم رۆژە ئەرژەنگ و

نەگریسانە.

ئای کە ڕەشن

وەک پێستەی ئەو مارە ڕەشەی

لەناو جێگاو بالینگانم

خۆی حەشار داو پێیوەدام.

ئێستا من :-

لەوارێکی نامۆمە .

ناسنامەیەکی پڕنەکراوەم.

منداڵێکی شەش مانگانەم.

کەرێکی جدەوی جڵەودارم.

کاشکی زەمەن ...

(٤٥٥٣) کاژێر بەپێچەوانە

سوورِی دەخوارد.
ئەو کاتە من :-
دارسپێندارێکی بەرزو بە سێبەر بووم
جەستەیەکی قەبارەدارو
ئەدرەسێکی ئاشنا بووم .
(ژۆڤان) پەپوولەیەکی باڵ تەنک
وەک ئەتەکی
کچەکانی کەناری دەریای مەڕمەڕە.
قژێکی کورت
نازێکی زۆر
باوەشێکی گەرم و گوڕ و
لانەیەکی بە پووش و پەڵاش ...
(بارۆڤ )
ئەو زەمانە هەر باتۆف و زریان نەبوو
کارژۆڵەیەکی سێ قەرسیل دیدە بوو
زۆر هێمن و هۆگرم بوو .
بەڵام ئێستا

ئاخ بۆ ئێستا

که شەوانە دێتە میحرابی خەونەکانم

زارۆیەکی دەم هەراش و

سەرکێشێکی بێ داڵدەیە

لەناو دەریای سوێری ئەشکم

مەلە دەکات.

بۆی دەسووتێم ...

بۆی دەهەژێم

بێ فایدەیە .

(تۆ بابم نی ...

ئەگەر بابی من بووایەی

بەو زریانە

بەتەنیا جێت نەدەهێشتم..)

چیم لەدەست دێ

زەمەن دەڕواو لە تەکانە

دەبێ ئەو رۆژە ببینم :-

دارە پیر و کڵۆڵەکان

هەیپای بکەن
بەرەو زێدی رەگەکانیان .
دەبێ سەدای ئەو قەوانە
کەی ببیستم ؟ :-
(الوداع) ئەی گۆڕی (حاجی)
(الوداع) ئەی شەقامی رووس و
رۆمان و
چارشێو و سفور و مۆدە ...
(گونای دن) ئەی ولاتەکەم .

- گونای دن : وشەیەکی تورکیە بەمانای رۆژباش دێت.
- ژۆڤان و بارۆڤـ : ناوی کچ و کوڕەکەمە.
- ئەم شیعرە پەیوەندی بەو کۆمەڵە شیعرەوە نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی دوا شیعرمەو دواتر لە شیعر چوومەتەوە. بۆیە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە شیعرەدا بلاوی دەکەمەوە. پێشتریش لە یەکێك لە ژمارەکانی رۆژنامەی (ئالای ئازادی)، مانگی ئازاری ١٩٩٦ و بلاوکراوەی (سەکۆ) ژمارە (٧)ی ئایاری ١٩٩٧ دا ، بلاو کراوەتەوە.